گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانكۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
Vol. 7, No. 4, pp. 416–433, December-2019
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2664-4673
e-ISSN: 2664-4681
journals.uoz.edu.krd

# ئەتڵەسی بگۆڕە زمانییەكانی شێوەزاری خۆشناوەتی

ساكار ئەنوەر حەمید[1] * و یوسف شەریف سەعید[1]
[1] بەشی زمانی كوردی، كۆلێژی زمان، زانكۆی سەلاحەددین، هەرێمی كوردستان_ عێراق. (sakar.hameed@su.edu.krd)

وەرگرتن: 2019/05 پەسەندكرن: 2019/09 بەلاڤكرن: 2019/09 https://doi.org/10.26436/hjuoz.2019.7.4.555

**پوختە:**

ئەتڵەسی دیالێكتی كۆمەڵێ نەخشەی زمانیە، ئاماژە بە چۆنیەتی بڵاوبوونەوەی فۆرمێكی زمانی دەكات لە سنووری ناوچەیەكی جوگرافی دیاریكراو. ئەم نەخشەیە بە رێگای چەند هێمایەكی(دەنگی، لێكسیكی، رێزمانی و واتایی) قسەكەرانی رەسەنی سنووری ناوچەكە دەخاتەڕوو. لەم لێكۆڵینەوەیدا هەندێ بگۆڕی زمانی هەڵبژێردراوە و جیاوازی فۆنیمی، سینتاكسی و لێكسیكی بەپێی هەڵكەوتەی جوگرافی دەستنیشانكراون و لەسەر نەخشەخراونەتەڕوو. هەوڵدراوە ئەتڵەسی (10) دە بگۆڕی زمانی بكێشرێت و شیبكرێتەوە، بگۆڕە زمانییەكانی لێكۆڵینەوەكە تەنها بگۆڕی فۆنیمین. ئەم توێژینەوەیە بەپێی رێبازی (وەسفی–مەیدانی) ئەنجام دراوە، نوسینی ئەو بگۆڕانە بە رێنوسی (IPA) نوسراون، واتا بە رێنوسی ئەلفوبێی دەنگی جیهانی، جیاوازی و وەكیەكی بگۆڕە هەڵبژێردراوەكان لەسەر نەخشەی جیاجیا و بە هێمای تایبەت دەستنیشان كراون. ئەم لێكۆڵینەوەیە لەژێر ناونیشانی (ئەتڵەسی بگۆڕە زمانییەكانی شێوەزاری خۆشناوەتی)یە، لەدوو بەش پێكهاتووە: بەشی یەكەم لایەنی تیۆرییە، باسی جۆرەكانی. بەشی دووەمیش لایەنی پراكتیكییە، پێكدێت لە(10) دە بگۆڕی زمانی، بە شێوەی وشەو هێما لەسەر نەخشەی جیاجیا دەستنیشانكراون، لەگەڵ پێشەكی و ئەنجام و پوختەی باسەكە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی لەگەڵ لیستی سەرچاوەكان.

**پەیڤێن سەرەكی**: بگۆڕی زمانی، ئایسۆگلۆس، جۆراوجۆری زمان، زارناسی ئاماری، كۆنسونانت.

## 1. پێشەكی

**1–ناونیشانی لێكۆڵینەوە:**

لێكۆڵینەوەكە بە ناونیشانی (ئەتڵەسی فۆنۆلۆژی (10) فۆرمی زمانی لە شێوەزاری خۆشناوەتی)یە، هەوڵدراوە ئەتڵەسی فۆنۆلۆجی(10) فۆرمی زمانی لە شێوەزاری دەڤەری خۆشناوەتی بكێشرێت و شیبكرێتەوە، بگۆڕە زمانییەكانی ئەم لێكۆڵینەوەیە تەنها بگۆڕی فۆنیمی/كۆنسونانت وەرگیراوە.

**2–گرنگی و پێویستی لێكۆڵینەوەكە:**

تۆماركردن و پاراستنی فۆرمە زمانییەكانی شێوەزاری خۆشناوەتی و نیشاندانیان لەسەر نەخشە دەبێتە هەنگاوێك بۆ پاراستنی ئەو شێوەزارە و هەبوونی كەرەسەیەكی خاو بۆ لێكۆڵینەوەكانی داهاتوو.
گرنگی و پێویستی لێكۆڵینەوەكە بریتین لەمانە:

1–بۆ كێشانی ئەتڵەسی زمانی كوردستان، پێویستە ئاماژە بەسەرجەم دیالێكتە كوردییەكان بكرێ.

2–هەر لێكۆڵینەوەیەك لەسەر دەستنیشانكردنی سنوری وەكیەكی زارەكان لەو ناوچەیە ئەنجام نەدرابێ، ئەوا بە لێكۆڵینەوە دەتوانین سنوری وەكیەكی زارە كوردییەكان و جیاوازی لەنێوانیان دیاری بكەین.

3–بگۆڕی زمانی لە رووی دەنگییەوە لەسنوری شێوەزاری خۆشناوەتی دیاری بكرێن.

**3–ئامانجی لێكۆڵینەوەكە:**

بەگشتی ئامانجی لێكۆڵینەوەكە بریتین لەمانە:

1_دیاریكردنی دابەشبوونی جوگرافی(10) فۆرمی زمانی_ئاستی دەنگی(كۆنسونانت) لەدەڤەری خۆشناوەتی و ئامادەكردنی ئەتڵەسی زمانی.

2_بەگوێرەی بگۆڕە دیاریكراوەكان، هێڵی سنووری وەكیەك(سنووری وەكیەكی زارەكان) لەدەڤەری خۆشناوەتی تۆمار دەكرێن.

3_ زار و شێوەزاری دەڤەری خۆشناوەتی تۆمار دەكرێن.

**4–رێبازی لێكۆڵینەوە و كۆكردنەوەی فۆرمە زمانییەكان:**

لێكۆڵینەوەكە بەپێی چۆنیەتی دیاریكردنی(هێڵی سنووری وەكیەكی دیالێكتەكان -Isogloss_heterogloss_) ئەنجام دراوە، هەوڵدراوە بەپێی ئەم شێوازە یاسا فۆنۆلۆژییەكان(كۆنسونانتەكان)

* فەكولەرێ بەرپرس.

لە دەڤەری خۆشناوەتی شیبکرێنەوەو بخرێنەڕوو. فۆڕمە زمانییەکانیش بەشێوەی مەیدانی کۆکراونەتەوە و بگۆڕە زمانییەکانی لێکۆڵینەوەکەش تەنیا بگۆڕی فۆنیمین.

**5-گریمانەی لێکۆڵینەوەکە:**

1- بگۆڕی زمانی- ئاستی فۆنیمی- بەپێی شوێنی جوگرافی لە سنوری شێوەزاری خۆشناوەتی دەبینرێت و ڕەفتاری زمانی لەسەرتاپای سنورەکە وەکیەك نییە، سەرەڕای هەبونی جیاوازییەکی کەم لە هەندێ لە بگۆڕەکاندا.

2- زار و شێوەزاری تری کوردی لەنێو سنوری دەڤەری خۆشناوەتی بوونی هەیە.

**6-پرسیاری لێکۆڵینەوەکە:**

1- بگۆڕە زمانییەکان لە ڕووی فۆنۆلۆژییەوە لە شێوەزاری خۆشناوەتی کامانەن؟

2-جیاوازی بگۆڕە زمانییەکان لەڕووی فۆنۆلۆژییەوە لە هەموو شارەدێیەکانی سەر بەسنووری شێوەزاری خۆشناوەتی چەندە؟

3- ئایا ئێمە دەتوانین سنووری وەکیەکی زارەکان لەشێوەزاری خۆشناوەتی بخەینەڕوو؟

**7-ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوە:**

لێکۆڵینەوەکە لە پێشەکی و ئەنجام و دووبەش پێکهاتووە. بەشی یەکەم لە (4)چوار بەند پێکهاتووە، کە باسی چوارچێوەی تیۆری(بەندی یەکەم: کورتەیەك لەبارەی دەڤەری خۆشناوەتی و شارۆچکە و شارەدێ و گوندەکانی، بەندی دووەم: جۆرەکانی زارناسی) کراوە. لە بەشی دووەمدا بگۆڕە زمانییە دیاریکراوەکان شیکراونەتەوە و ئەتڵەسی زمانی بۆ هەریەکەیان کێشراوە.

بەشی یەکەم: چوارچێوەی تیۆری لێکۆڵینەوە:

### 1.1. کورتەیەك لەبارەی سنووری جوگرافی شێوەزاری خۆشناوەتی:

دەڤەری خۆشناوەتی بەپێی هەڵکەوتەی جوگرافی، کەوتۆتە باشوری کوردستان، بەسەر هەردوو پارێزگای هەولێر و سلێمانی دابەش بووە. بەشی باکور و باشور و ڕۆژئاوای ناوچەکە، کەوتۆتە پارێزگای هەولێر، بەشی ڕۆژهەڵاتیشی کەوتۆتە پارێزگای سلێمانی، واتە بەشی زۆرینەی کەوتۆتە پارێزگای هەولێر. بەگوێرەی ئەتڵەسی جوگرافی شێوەزاری خۆشناوەتی، لە باکورەوە بە گوندی تارینانی سەرووی دۆڵی مەلەکان کەسەر بەشارەدێی خەلیفانە دەست پێدەکات، لەباشورەوە بەگوندی دەربەندی گۆمەسپانی سەر بەشارەدێی سەلاحەددین کۆتایی دێت، لە ڕۆژهەڵاتیشەوە بە گوندی سەروچاوەی سەر بەشارەدێی بێتواتە دەستپێدەکات و لە ڕۆژئاواوە بە گوندی گەلیاوەی سەر بە شارەدێی سەلاحەددین کۆتایی دێت. ((سنووری ناوچەی خۆشناوەتی لەباکوری خۆرهەڵاتەوە بەرەو باکوری خۆرئاوا، لەشارۆچکەی سەروچاوە و چیای ماکۆك دەست پێدەکات، بەرەو چیای بێترخێن و کارۆخ و ئاراسن و گوندی مەلەکان و گۆڕەشێر و تارینانی سەروو خەتێ، لەوێوە بەرەو باکوری خۆرئاوا درێژ دەبێتەوە بۆ گوندەکانی باویان و سیساوە و شارۆچکەی کۆڕێ و پیرمام و گوندی بانەمان لەهەرە باشوری خۆرئاوا، لەوێوە بەرەو دەربەندی گۆمەسپان و گوندەکانی سماقولی لەهەرە باشوری خۆرهەڵات و دواتر بەرەو گوندی قاقا و گردگۆران و قاجە و کانی توان و میراوا و ڕوباری سەروچاوە و شارۆچکەی سەروچاوە لەباکوری خۆرهەڵات))(ئەمین،12:2017).

سنووری ناوچەی خۆشناوەتی چەندین دۆڵ لەخۆ دەگرێت، لەوانە: دۆڵەکانی (بالیسان)و (هیران)و (گۆران)و (تەوسکە)و (قەڵاسنج)و (کۆڕێ)و(سماقولی) و (عەلیاوە) و (ئالانە) و (مەلەکان)و چەندین دۆڵی تر. هەروەها چەندین چیا لەخۆ دەگرێت، لەوانە: چیاکانی (سەفین) و (سۆرك) و (کۆڕێ) و (پیرمام) و (بنەباوی) و (شۆپها) و (ئاوەگرد) و (کلاۆقاسم) و (شیلانە) و (خەتێ) و (شاخی سوور) و (هەورێ) و (ماکۆك) و (بێترخێن) و (ئاراسن).

### 1.1.1. شارۆچکەو شارەدێ و گوندەکانی سەر بەسنووری شێوەزاری خۆشناوەتی:

دەڤەری خۆشناوەتی، دەکەوێتە سنووری(4) شارۆچکە، لە(10) شارەدێ و نزیکەی(170) گوند پێکهاتووە، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

1-شارۆچکەی شەقلاوە: ئەم شارۆچکەیە لە (5) شارەدێ پێکهاتووە و (4)یان دەکەونە سنووری دەڤەری خۆشناوەتی، کە پێکدێت لە شارەدێیەکانی( بالیسان، هیران، باسرمە، ناوەندی شەقلاوە، سەلاحەددین).

-شارەدێی بالیسان لەم گوندانە پێکدێت: ژمارەیان (16) شازدە گوندە، پێکدێت لەگوندەکانی: ( بالیسان، زینێ، خەتێ، بێرۆ، شێخوەسان، کانی بەرد، توتمە، سپیلکە، شیرەی سەروو، شیرەی خواردوو، بالوکاوە، دەراش، خۆران، بێراوە، کەندەسۆر، کۆخان).

-شارەدێی هیران لەم گوندانە پێکدێت: ژمارەیان (20) بیست گوندە، کە پێکدێت لەگوندەکانی: (لاسە، ترگارە، بەرەکە، سپیگرە، چنێران، ئاقوبانی سەروو، ئاقوبانی خواروو، پونگینە، گەرۆتە، بێلینگە، کەوەرتیان، ئەسپیندارە، فریز، مەندێر، هیران، بێرۆکان، ناودارۆك، سولاوکی سەروو، سولاوکی خواروو، زیارەت).

-شارەدێی باسرمە لەم گوندانە پێکدێت: ئەو گوندانەی دەکەونە سنووری شێوەزاری خۆشناوەتی، ژمارەیان(28)گوندە، پێکدێت لەگوندەکانی: (باشوورەی سەروو، سوورسوورە، مۆتراوە، باویان، باسرمە، خەتیبیان، ئاریسیرەك، ڕەزگەخۆشناو، سیساوە، فاتاوە، کۆیکان، شیناوە، حەسەناوە، کانی تێر، قادیانە، قەسرۆك، شەکرۆك، شێخ مەمودیان، میر ڕۆستەمە، مامەجەلکە، بیرڕەش،

کەورگۆسك، ماوەران، ماوەرانی کۆن، حاجی بایز، میراوە، گەرەوانی خواروو، گەرەوانی سەروو).

– شارەدێی ناوەندی شارۆچکەی شەقلاوە لەم گوندانە پێکدێت: (کاوانیان و ناوەندی شەقلاوە).

– شارەدێی سەلاحەددین لەم گوندانە پێکدێت: ئەو گوندانەی دەکەونە سنووری شێوەزاری خۆشناوەتی، ژمارەیان (35)گوندە، پێکدێت لەگوندەکانی: (زێبارۆك، شێخ مەموودیان، زیارەت کۆڕێ، ئاژگە، زرگووز، حوجران، گردەچاڵ، تەوسکە، ئالماوانی سەروو، ئالماوانی خواروو، کۆڕێ، پیرمام، گەلیاوە، داوداوە، شیناوە، خرخاوە، بانەمان، سێوەکە، دۆنگزاوە، کانی لورك، شێخان، گڕاو، ماوەلۆ، بیرێژ، گۆڕەشێر، قەلاسنجی سەروو، قەلاسنجی خواروو، خۆران، قیرژە، سارتکە، عاڵلاوە، سۆرەبان، حاجی ئەحمەد، گۆمەسپان، دەربەندی گۆمەسپان).

2– شارۆچکەی کۆیە:

– شارەدێی سکتان: پێکدێت لەم گوندانە:(جەلی، سناوە، نازەنین، کاموسەك، کۆلکەڕەش، کونەفلوسە، سکتان، خەرابە، بلاروك، کانی کفرۆك، کۆدەرە، گردگۆران(ئاوەدان نییە)، قاقا، ئاوڕ (ئاوەدان نییە)، گردەشێر(ئاوەدان نییە)، پەرژین(ئاوەدان نییە) ).

– شارەدێی ناوەندی کۆیە: ئەو گوندانەی سەر بە شارەدێی ناوەندی شارۆچکەی کۆیەن و دەکەونە سنووری شێوەزاری خۆشناوەتی ژمارەیان (9)گوندە، پێکدێت لەگوندەکانی (سوسێ، بایزبەگ، مێکوکاو، سماقولی سەروچاوە، سماقولی گرتك، سماقولی سێنان ، سماقولی گەلی، گرتك جەلی، کرۆژ)، بەڵام گوندەکانی (بایزبەگ و مێکوکاو) تەنها هاوینەهەوارن و خەڵکی لێنیشتەجێنین.

– شارەدێی شۆڕش(دێگەڵە): ئەو گوندانەی سەر بەشارەدێی شۆڕش(دێگەڵە)ن و دەکەونە سنووری شێوەزاری خۆشناوەتی، ژمارەیان(4) گوندە، لە گوندەکانی: (کێشکە، ونکە، کانی پەلك(چۆڵکراوە)، عەلیاوە) پێکهاتوون.

3–شارۆچکەی ڕانیە: ئەو شارەدێیەی کەسەر بە شارۆچکەی ڕانیەیە و دەکەوێتە سنووری دەڤەری خۆشناوەتی، بریتییە لە: شارەدێی بێتواتە، لە(36) گوند پێکدێت، کە بریتین لە گوندەکانی: (سەروچاوە، سەرئەشکەوتان، مێرگەسەر، ئەندێك، ئەنگۆز، ئامانج، هەرتەل، نواوە، شکارتە، شکارتەی کۆن، نێوە، بێ لینگە، چیوەی سەروو، چیوەی خواروو، وەرە(وەرێ)، مەلۆك، هەرمك، زێوە، هەنجیرە، سوێرە، مەمیاوە(ئاوەدان نییە)، خەلیفە (ئاوەدان نییە)، بێ کێل (ئاوەدان نییە)، بێتواتە، دواوە، سەردۆڵ (ئاوەدان نییە)، زیخان، رووبارە، بەرۆژە، سەرگشت، بێناتان، میراوا، سەروکانیان، کانی توان، قولێ ).

4–شارۆچکەی سۆران: ئەو شارەدێیەی کەسەر بە شارۆچکەی سۆرانە و دەکەوێتە سنووری دەڤەری خۆشناوەتی، بریتییە لەشارەدێی خەلیفان، لە شارەدێی خەلیفانیش تەنها گوندەکانی (مەلەکان، تارینانی سەروو و گۆڕەشێر) دەکەونە سنووری شێوەزاری خۆشناوەتی.

2.1. **جۆرەکانی زارناسی** _ Dialectology:

1.2.1. **جۆرەکانی زارناسی**:

هەر لەکۆنەوە تا ئەمڕۆ، ئەو لێکۆڵینەوە زانستیانەی کە دەربارەی زارناسیی ئەنجام دراون، لە بەشی هەرە زۆریان ئاماژە بە جۆرەکانی زارناسی کراوە، بە تێپەڕبوونی کات، گۆڕان بەسەر جۆرەکانی دا هاتووە و ژمارەیان زیادی کردووە، کە ئەوانیش بریتین لە: زارناسی (ئاماری، تێگەیشتن، کۆمەڵایەتی، ڕۆنانی، بەرهەمهێنان، کلاسیکی، جوگرافی) کە لێرەدا بەکورتی باسیان لێوەدەکەین:

1.1.2.1. **زارناسی ئاماری**(**هەژماری**)_Dialectometry:

ئەم جۆرەیان لە زارناسیدا تا ڕاددەیەك نوێیە، کە تیایدا لە مێتۆدەکانی ئاماری بۆ لێکۆڵینەوە لەزارەکان سوودی لێ وەردەگیرێت. پێشڕەوترین مێتۆد لە زارناسیدا، کە دوای چۆمسکی باو بوو، ئەویش زارناسی داینامیکییە (هەژمارییە)، کە تاکو نیوەی یەکەمی ساڵی 1960، زمان هەمیشە وەك دیاردەیەکی هاوڕیشە دادەنرا و زمانەوانی بە گشتی، بەشێوەی ڕۆنانی دەبینرا. سۆسێر پێی وابوو، زمان سیستەمێکە کە تیایدا هەموو پێکهاتەکان لەگەڵ یەکتر پەیوەندییان هەیە، زمانەوانان بە گشتی پێیان وا بوو، کە ڕۆنان بەرامبەری هاوڕیشەیە(جهانگیری،1373:94). (زارناسی ئاماری مێتۆدێکی هەژمارییە بەکاردێت بۆ شیکردنەوەی زارەکان، لەساڵانی حەفتاکانەوە پەرەی سەندووە. کاری ئەم جۆرە زارناسییە بریتییە لەوەی، کە پێوانەی مەودای زمانی لەنێوان زارە هەرێمییە ناوخۆییەکان بە ژماردنی جیاوازی فۆرمە دیارەکان(ئاشکراکان) لە تابەتمەندی زمانی دا دەکات)(Crystal,2008:143). لەم بوارەدا بابەتەکانی زارناسی، وەك لێکچوەکانی نێوان زارەکان، دەبێتە بابەتی لێکۆڵینەوەی ئاماری، تاوەکو لەم ڕێگەیەوە بتوانرێت دابەشکردنی جوگرافی زارەکان و ئەو هۆکارانەی کە زارەکان لەخۆیان دەگرن، بەڕوونی بخرێنەڕوو. (( (ولیام لابۆ–Wiliam Labov) لەو باوەڕەدایە کە بۆ زانینی ڕێکخستنی ڕاستەقینەی فۆرمی زمانی پێویستە کۆمەڵگای زمانی بەگشتی وەربگیرێت نەك ئاخاوتنی تاکە ئاخێوەرێك))(سالح،2016:53). بۆیە دەبینین((لێکۆڵینەوەکانی ئاماری لەکاتی توێژینەوەی زارناسیدا دەبنەهۆی ئەوەی کە سنووری زارەکان لەسەر ئەتڵەس بەوردی دەستنیشانبکرێن و بخرێنەڕوو))(عبدالکریمی،1392:156–157).

2.1.2.1. **زارناسی تێگەیشتن**_ Perceptual dialectology:

سەبارەت بەمێژووی سەرهەڵدانی زارناسی تێگەیشتن، بیروڕای جیاواز هەیە، هەندێکیان دەیگەڕێننەوە بۆ بیستەکانی سەدەی بیستەم، هەندێکی تریشیان بۆ سییەکانی هەمان سەدە، بەڵام بە گشتی لە ساڵانی هەشتاکانەوە زیاتر گەشەی بەخۆیەوە بینیوە. زارناسی تێگەیشتن لێکۆڵینەوە لە بیروباوەڕە هاوبەشەکانی خەڵك لەبارەی هەبوونی هەر شێوەزارێك دەکات. ((زارناسی تێگەیشتن جۆرێکە لە لێکۆڵینەوەکانی زارناسی، کە لەم جۆرە لێکۆڵینەوانەدا بیروباوەڕی خەڵکی دەکەوێتە ژێر لێکۆڵینەوە نەك ئەو لێکۆڵینەوانەی کە زمانناسان و پسپۆڕانی زمان تایبەت بەجۆرە جیاوازەکان زمان کە لەکۆمەڵگایەکدا باوە ئەنجامی دەدەن، لەم حاڵەتەدا، ئەو پێناسانەی کەلەلایەن خەڵکی ناپسپۆر بۆ جۆرە جیاوازەکانی زمان دەکرێ، جا ئەم پێناسانە چ دروست و زانستی بن یان نادروست و نازانستی، ئەوا بۆ زمانەوانان وەك لێکدانەوەیەکی زانستی و ورد دەربارەی زمان و جۆرەکانی گرنگە و دەبێتە بنەما بۆ دابەشکردنیان(عبدالکریمی،1392:157). زارناسی تێگەیشتن لێکۆڵینەوە لەسەر کەسانێکی ئاسایی(ناپسپۆر) دەکات، کە باوەڕیان بە دابەشبوونی جۆراوجۆری زمانی تایبەت بە ناوچەکانی خۆیان و کۆمەڵگا زمانییەکانی دەوروبەریان هەیە هەروەها چۆن گەیشتوونەتە ئەو ناوچانەو بیروباوەڕەکانیان جێبەجێ دەکەن(Preston,1984). ئەم تایبەتمەندییەش دەبێتەهۆی ئەوەی کە لەزارناسی تێگەیشتن دا ئەم هۆکارە لەبەرچاو بگیرێت و کرنگی بە بیروباوەڕی خەڵکی ئاسایی (ناپسپۆڕ) بدرێت. بە بۆچوونی کریستال، زارناسی تێگەیشتن لێکۆڵینەوەیە دەربارەی ئەوەی، کە چۆن زارەکان و تایبەتمەندی زارە تاکەکەسیەکان لەلایەن ئاخێوەرانەوە لە چوارچێوەی کۆمەڵگای زمانیدا دەستنیشان دەکرێت. جیاوازییە زمانییە ئاشکرا و خەیاڵییەکان، هاوبەشی کلتوورە باوەکان، ستراتیژییەتە ناوخۆییەکانی ناسینەوە لەگەڵ هەندێ هۆکاری تر، بەیەکەوە بیرۆکەی زاری تاکەکەسی پێکدێنن(Crystal,2008:143).

**3.1.2.1. زارناسی کۆمەڵایەتی_Socialdialectology:**

هەرچەندە کە تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی زمان، بەشێوازێکی گشتی لەلایەن زمانەوانانەوە جەختی لەسەر کراوەتەوە و بەردەوام زمان وەك پێگەیەکی کۆمەڵایەتی هەژمارکراوە، بەڵام تا ئەو کۆتاییانە، گرنگییەکی ئەوتۆ بەڕۆڵی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان لە دروستکردن و گۆڕانکاری زمان نەدەدرا. بۆیە (توێژینەوەی کەسێکی وەکو (ولیام لابۆڤ)، مامۆستا لە زانکۆی پنسیلڤانیا، دەبێت وەك هەنگاوێکی بنەڕەتی لەم بوارەدا بزانین کە چۆن لە توێژینەوەکانیدا بەسوود وەرگرتن لە شێوازەکانی کۆمەڵناسی و زمانناسی، بۆ یەکەمین جار تێکەڵبوونی بگۆڕی زمانی و کۆمەڵایەتی بەشێوازێکی زانستی و ڕێك پیشان داوە. بەستەری سەرەکی توێژینەوەکانی لابۆف لەبارەی زمانەوانی کۆمەڵایەتی، جۆراوجۆرییە زمانییەکان و پاساویان بەپێی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانەوەیە، بەڵام لەپاڵ ئەو توێژینەوانەدا، بەرەبەرە ڕەهەندەکانی تری زمان کە پەیوەندی لەگەڵ هۆکارە(کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، سیاسی، مێژوویی،...هتد)یەکان بوو گرنگیان پێدەدرێ و بەجۆرێك کە ئەمڕۆ ئەم بەشە لە زمانەوانیدا بە کۆمەڵناسی زمانی یا زمانناسی کۆمەڵایەتی ناسراوە بەفراوانی بڵاوبۆتەوە)(مدرسی،1393:33). سەرەڕای ئەو جەختانەی کە کەسێکی وەك(جۆرج هێربرت مید) دەروونناسی کۆمەڵایەتی ئەمریکایی و (ئەنتۆن میە) زمانناسی فەرەنسی بەسەر تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی زمان و گرنگی توێژینەوەی ئەو بابەتە لەناو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دا کردوویانەتەوە، تا نیوەی سەدەی(21) پەیوەندی و تێکەڵبوونی زمان و کۆمەڵگا نەبوەتە بابەتی پێداچونەوەیەکی ورد و فراوانی زانستی.)) (مدرسی،1393:33). بۆیە دەتوانین بڵێین: ((زارناسی کۆمەڵایەتی لقێکە یا بوارێکە لەلێکۆڵینەوەکانی زارناسیدا، کە تیایدا لێکۆڵینەوە لە زارەکان لەسەر ئاستی کۆمەڵگایەك بە لەبەرچاوگرتنی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان، وەك چینە کۆمەڵایەتییەکان ئەنجام دەدرێت. لەم لقەدا لەزارناسی، هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی وەك: تەمەن، ڕەگەز، ڕۆڵی کۆمەڵایەتی(پیشە)، چینی کۆمەڵایەتی لە لێکۆڵینەوەی زارەکاندا بەکاردەهێنن، بەواتایەکی تر، زارناسی کۆمەڵایەتی لێکۆڵینەوەی زمانەوانییە بەرچاوکردنی سترەکچەرە کۆمەڵایەتییەکان. لەم جۆرە لێکۆڵینەوانەدا، سنووری نێوان زارەکان لەلایەن زمانەوانە شارەزاکان دیاری دەکرێت))(عبدالکریمی،1392:158).

**4.1.2.1. زارناسی ڕۆنانی_Structural dialectology:**

سەرەتای سەرهەڵدانی زارناسی ڕۆنانی، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1954، ئەمەش لەکاتێکدابوو ، کە (ئۆریێل وێنریچ _ Uriel Weinreich)، وتارێکی لەم بارەیەوە نووسی، بەناونیشانی( Is a structural dialectology possible?)، واتە (ئایا زارناسی ڕۆنانی گونجاوە؟). هۆکاری دانانی ئەو ناونیشانەش، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە زمانناسانی ئەوکات باوەڕیان وابوو، سیستەمی زمانەوانی دەبێت تەنیا تایبەت بە وشەی زمانەوانی بێت، بەبێ گەڕانەوە بۆ سیستەمی تر( Chambers&trudgill,1980:34). ((زارناسی ڕۆنانی جۆرێکە لە لێکۆڵینەوەکانی زارناسی، کە تیایدا ئاخاوتنە نموونەییەکانی زارە جیاوازەکان دەکەوێتە ژێر لێکۆڵینەوەو هەوڵ دەدرێت پەیوەندی نێوان وێنە زمانییەکان لەزارە جیاوازەکاندا بەپشت بەستن بەنموونە دیارەکانی ئەم وێنە زمانیانە شیبکرێتەوە)) (عبدالکریمی،1392:158). بەپێی وتەی (ولیەم. گ. مۆڵتون)، لێکۆلەری زار، دەبێت ئاگاداری جۆراوجۆری زارەکان بێت چونکە هەریەکەیان سیستەمی تایبەت بەخۆیان هەیە و نابێت تەنیا پشت بە

نوسینەوەی فۆنیمەکان ببەستێ، بەڵکو پێویستە بەدوای جیاوازییەکاندا بگەڕێت و بە جووت نموونە وەربگرێت، تاکو بزانێت هەمان کێش و سەروایان هەیە یان نا. نزیکبوونەوە لە جیاوازی زارەکان بنچینەی زارناسی ڕۆنانییە( Chambers&trudgill, 1980:34).

5.1.2.1. **زارناسی بەرهەمهێنان**_ Generative dialectology:

زارناسی ڕۆنانی توانی بەسەرکەوتوویی چارەسەری جیاوازییەکان بکات، بەڵام لەوانەیە بە سەختی ڕووبەڕووی جیاوازی دابەشبوونەکان ببێتەوە. چارەسەری هەندێك لەو جیاوازی و ئاڵۆزییانە لە لای زارناسی بەرهەمهێنانە، کە وا دەکات بەشێوەیەکی ئاسانتر چارەسەری جیاوازییەکان لەیەك کاتدا بکات. زارناسی بەرهەمهێنان بریتییە لە بەکارهێنانی چەمکەکان و دۆزینەوەیان لە ڕوانگەی فۆنۆلۆجی بەرهەمهێناوە، بۆ شیکردنەوە و بەراوردکردنی زارە جیاوازەکان (Chambers&trudgill,1980:39). هەرچەندە دەبێت جەخت لەسەر ئەوە بکرێت، کە یاساکانی بەرهەمهێنانی زارەکان لەسەر بنەمای لێکدانەوەی بەڵگەکانی ناوەوەی زمان دایە، نەك لە لێکدانەوەی کەرەسە مێژووییەکانی زمادا. ڕێزماننوسانی بەرهەمهێنەری زارەکان، لەو باوەڕەدان، کە گشتگیربوون، سروشتی بوون و ئابووری بوون، یاسا و بنچینەی لێکدانەوەیە، بۆیە زۆربەی ئەو تایبەتمەندییانەی کە لەنێو زارەکان دا هاوبەشە، بە باشترین شێوە یاساکانی گۆڕانکارییە مێژووییەکانی زمانی دادەپۆشێت. هەروەها پێیان وایە ئەو ئەنجامەی لە شیکردنەوەی مێژوویی زمان وەك بوارێك لە گۆڕانکارییە مێژووییەکان بەدەستی دەهێنن، دەبێ لەسەر بنەمای ڕیزبەندی جیاوازی یاساکان لە قۆناغە جیاوازەکانی گۆڕانی پێکهاتە زمانییەکان پێشکەش بکرێت(جهانگیری،1373:92).

زارناسی بەرهەمهێنان پشتگیری لە (2) جۆر ڕێبازی فۆنۆلۆجی دەکات، ئەوانیش:یەکەمیان، فۆرمە بنچینەییە دیاریکراوەکان(جەخت لێکراوەکان)، کە فۆرمێکی فۆنۆلۆجییە، تیایدا برگە لێکسیکییەکان لەناو فەرهەنگەکان دادەنرێن. دووەمیان، یاسا فۆنۆلۆجییەکان، کە فۆرمە بنچینەییە جەخت لێکراوەکان بۆ فۆرمی ئاشکرا دەگۆڕن، دواتر دەبنە دەربڕینێکی واقیعی (Chambers&trudgill,1980:39).

6.1.2.1. **زارناسی کلاسیکی**(**مێژوویی**)_Traditionaldialectology:

ئەم جۆرەیان بە کۆنترین جۆری زارناسی دادەنرێت، کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم تا سەرەتای سەدەی بیستەم، لێکۆڵینەوەی زۆری لەبارەیەوە ئەنجام دراوە. لە لێکۆڵینەوەکاندا، بەکارهێنانی ئەم جۆرەیان شێوازێکی زاڵ و باوی هەبوو، کە ئێستاش بۆ کۆکردنەوەی زارە جوگرافییەکان سوود لەم جۆرەیان وەردەگیرێت. بۆ پاراستنی زارەکان لەمەترسی لەناوچوون و بەرەبەرە فەرامۆشکردنی، بووە هۆی ئەوەی، کە لەسالآنی ڕابردوو لەلایەن کەسانێك و چەند دەزگایەك لەڕێگەی نموونە وەرگرتنەوە، هەوڵی پاراستن و شیکردنەوەی زارەکان بدرێ.

(زارناسە کلاسیکییەکان لە لێکۆڵینەوەکانیاندا زارێك لەبەرچاو دەگرن، کە لە ڕێگەی تۆمارکردنی دەنگی یەك یان چەند ئاخێوەرێکی ئەم زارە لە شوێنی نیشتەجێبوونیان، تایبەتمەندیی دەنگەکان، وشەکان و ڕێزمانی زاری ناوچەکە شیدەکەنەوە، کە تا ئێستاش ئەم جۆرە زارناسییە باوە و بۆ بەکارهێنانی تایبەتی پێویستە)(شیری،1386:42). لێکۆڵینەوەکانی زارناسی کلاسیکی بەشێوەی ڕاپرسی و تۆمارکردنی دەنگی ئاخێوەران لەکاتی چاوپێکەوتن دا بەشێوەیەکی ناوچەیی وشە دیارەکان (جیاکراوە لە فۆرم، مانا و گۆکردن) ئەنجام دراوە، کە ئەوانەش بابەتی سەرەکی لێکۆڵینەوەکەن. کۆکردنەوەی ئەم جۆرە وشانە لەسەر نەخشە دیاری دەکرێن و لەسەر ئەتڵەسی زارەکان(زمانەکان) پۆلین دەکرێن(Crystal,2008:143). لە لێکۆڵینەوەکانی زارناسی کلاسیکی دا کۆمەڵگای لادێی هەڵدەبژردرێت، چونکە گۆڕانی زمانی لە کۆمەڵگا لادێیەکان، هێواشتر و درەنگتر وەك لە کۆمەڵگا شارییەکان ڕوودەدات. هەروەها بوونی جۆراوجۆری زمانی لە کۆمەڵگای لادێیی کەمترە وەك لە کۆمەڵگای شاری دا(شیری،1386:42).

7.1.2.1. **زارناسی جوگرافی**_Geographydialectology:

بە تێپەڕبوونی زیاتر لە سەدەیەك، بە سەدان لێکۆڵینەوە لەبارەی زاری جوگرافییەوە، کە چەندین ڕێبازی لێکۆڵینەوەی تیادا بەکارهاتبوو، ئەنجامدرا. یەکەمین جۆری زار کە لێکۆڵینەوەی لەبارەوە کرابێ، ئەویش زاری جوگرافییە، کە لە ئەڵمانیا سەری هەڵدا لەلایەن (جۆرج وینکەر–1876)، یەکەم هەوڵی (وینکەر) ئامادە کردنی فۆرمێکی ڕاپرسی، کە پێکهاتبوو لە لیستێکی چەن ڕستەیی و بە زمانی ئەڵمانی نوسرابوو، بۆ مامۆستای قوتابخانەکانی باکووری ئەڵمانیا نارد، داوای لێکردن کە پرسیارەکان بە شێوازی گۆکردنی زارە ناوچەییەکەیان بنووسنەوە (Chambers&trudgill,1980:15).

بە بۆچوونی دەیڤد کریستاڵ (زارناسی جوگرافی لێکۆڵینەوەیە لەزار و شێوەزارەکانی زمانێك لەڕوانگەی دابەشبوونی جوگرافییەوە) (ئەحمەد،2009:74). هەروەها ڕۆبێرت.ل.تراسك دەڵێت: (زارناسی جوگرافی بریتییە لە کۆمەڵێك فۆرمی ناوچەیی ئاشکرا ، کە لە ناوچە جیاجیاکانی دەڤەرێکی فراوان بەکاردەهێنرێن. چونکە زارناسی جوگرافی، لەهەندێ لایەن، لەگەڵ جۆرەکانی تری زمانەوانی

ئامانجێکی هاوبەشی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە لەهەر دەڤەرێکی جوگرافیدا ژمارەیەکی زۆر جۆراوجۆری زمانی هەبێت، بۆیە پێویستە لێکۆڵەرانی زارناسی جوگرافی بڕیار بدەن، کە لێکۆڵینەوە لەسەر کام کەرەسەی زمانی بکەن، ئینجا داتاکان کۆبکەنەوە. بەو شێوەیە لێکۆڵەر دەتوانێ کەرەسەیەکی باش کۆبکاتەوە و کارەکەی باشتر ئەنجام بدات. ڕەنگە لێکۆڵەر گرنگی بە وشەی جیاواز، یان هەندێ لە وشە دیاریکراوەکان، یان فۆرمی ڕێزمانی وەکو: کار و ناوەکان بدات. پێویستە ئەو داتایە بە گفتوگۆ یان چاوپێکەوتن لەگەڵ خەڵکی دەڤەرەکە وەربگیرێت، ئەویش پێویستی بە بەکارهێنانی هەندێ شێوەی جیاواز و تایبەت هەیە) (ساڵح،2016:60). بە بۆچوونی سۆسێر، دابەشبوونی جوگرافی کاریگەری لەسەر زمان و زارەکانی دا هەیە، ئەو کاریگەرییەش جیاوازی لە سیستەمی زمانەکە پەیدا ناکات، بەڵکو گۆڕانکاری لە زماندا پەیدا دەکات، بەڵام گۆڕانکارییەکەش تەنها لەئاستی ئاخاوتندا دەبێت. بۆنموونە ئەگەر سەیری دابەشبوونی زمانی ئینگلیزی و ئیسپانی لەهەردوو کیشوەری ئەمریکا بکەین، دەبینین جیاوازییان تەنها لە ئاخاوتن دا دروست کردووە نەک لە سیستەمی زمانەکە(دی سوسور،1985:40).

## 2. ئەتڵەسی بگۆڕە زمانییەکانی شێوەزاری خۆشناوەتی

### 1.2. چۆنیەتی گۆکردنی بگۆڕە زمانییەکانی لێکۆڵینەوەکە لە شێوەزاری خۆشناوەتی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

بگۆڕە زمانییەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە پێکدێت لە (10) فۆرمی زمانی و بریتین لە:( ئەشکەفت، ژوشك، قەزوان، هەروچکە، دمك(دەنوك)، پژبێند، زستان، دری، جزدان، پیشەقان)، کە بەم شێوانەی خوارەوە لە دەڤەری خۆشناوەتی گۆدەکرێن:

| | | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | 6 | 7 | 8 | 9 | 10 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| شارۆچکە | شارەدێ | [ʔəʃkəft] | [ʒuʃɨk] | [qəzwan] | [həruĉkə] | [dɨmɨk] | [pʒbend] | [zɨstan] | [dɨʀi] | [cɨzdan] | [piʃəqan] |
| شەقلاوە | باڵیسان | [ʔəʃkəft]<br>[ʔəʃkəwt]<br>[ʃkəftə]<br>[ʔəʃkəftə] | [ʒuʃɨk]<br>[zuʃɨk]<br>[ʒiʃɨk]<br>[zwiʒɨk] | [qəzwan]<br>[qəskwan]<br>[qəsukan] | [həluʒə]<br>[ħəlukə]<br>[həruĉə] | [dɨmɨk]<br>[dɨnduk] | [pʒden]<br>[pʃtbend] | [zɨstan]<br>[cɨstan] | [dɨʀi]<br>[tutɨrɨk] | [cwizdan]<br>[cuzdan] | [piʃəqan]<br>[fiʃəqan]<br>[məšašə]<br>[pɨʃkonə] |
| | باسرمە | [ʔəʃkəft]<br>[ʃkəft] | [ʒuʃɨk]<br>[ʒuʒɨk]<br>[zuʃɨk] | [qəzwan]<br>[qəskwan]<br>[qəsqwan] | [həruĉkə]<br>[ʕəluĉkə]<br>[ʕəlukə] | [dɨmɨk]<br>[dɨnduk]<br>[dɨmduk]<br>[dɨnuk] | [pʒbend]<br>[pʒden] | [zɨstan]<br>[dɨstan]<br>[cɨstan] | [dɨʀi]<br>[tutɨʀɨk]<br>[ʔəstɨri] | [cwizdan]<br>[dʒizdan]<br>[dʒwizdan]<br>[cuzdan] | [piʃəqan]<br>[fiʃəqan]<br>[fiʃqan] |
| | هیران | [ʔəʃkəft] | [ʒuʃɨk]<br>[zuʒɨk]<br>[zuʃɨk] | [qəzwan]<br>[qəsqwan] | [həruĉkə]<br>[qazmanə] | [dɨmɨk]<br>[dɨmduk] | [pʒbend]<br>[pʃtend] | [zɨstan]<br>[cɨstan] | [dɨʀi]<br>[tudɨrɨk] | [cɨzdan]<br>[cwizdan]<br>[cuzdan] | [piʃəqan]<br>[fiʃəqan] |
| | ناوەندی شەقلاوە | [ʔəʃkəft] | [ʒuʃɨk] | [qəskwan] | [qazmanə] | [dɨmɨk] | [pʒbend] | [cɨstan] | [dɨʀi] | [cɨzdan] | [piʃəqan] |
| | سلاحەدین | [ʔəʃkəft] | [ʒuʃɨk]<br>[ʒuʒɨk] | [qəzwan]<br>[qəskwan] | [həruĉkə]<br>[həluĉkə] | [dɨmɨk]<br>[dənuk] | [pʒbend]<br>[pʒden] | [zɨstan]<br>[dɨstan] | [dɨʀi]<br>[tutɨʀɨk] | [cɨzdan]<br>[dʒwizdan] | [piʃəqan]<br>[fiʃəqan] |

| | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | [cuzdan] | [dudiʀɨk] | [cɨstan] | [pʃbent] [pʃtend] | [dənduk] [dɨmuk] | | [qəsukan] [qəsqwan] | [zuʃɨk] | | | |
| [piʃɨk] [piʃkasɨn] | [cɨzdan] [cuzdan] | [dɨʀilə] [tutɨʀɨk] [dɨʀulə] | [zɨstan] [cɨstan] [ʔəstan] | [pʒden] [pʃtent] [pʃten] | [dɨmɨk] [dɨnduk] [dɨmduk] | [həruĉkə] [həɫuĉə] | [qəzwan] [qəsxwan] | [zuʒɨk] [zuʃɨk] | [ʔəʃkəft] [ʔəʃkəwt] | سکتان | کۆیە |
| [piʃəqan] [fiʃəqan] [piʃɨk] | [cɨzdan] [dɨzdan] [cuzdan] | [tutɨʀɨk] | [zɨstan] [dɨstan] [cɨstan] | [pʒden] [pʃten] | [dənduk] [dɨnduk] | [həruĉkə] [həɫuʒə] | [qəzwan] [qəswan] | [ʒuʃɨk] [ʒuʒɨk] | [ʔəʃkəft] [ʔəʃkəwt] | ناوەندی کۆیە | |
| [fiʃəqan] | [cɨzdan] [cuzdan] | [dɨʀi] [tutɨʀɨk] | [dɨstan] | [pʒdend] [pʃtent] | [dɨnduk] | [həruĉkə] [həluĉkə] | [qəzwan] | [ʒuʃɨk] [zuʒɨk] | [ʔəʃkəft] | شۆڕش | |
| [piʃəqan] [piʃɨk] [məšašə] [fiʃɨk] | [cɨzdan] [cwizdan] [dʒwizdan] [cuzdan] [duzdan] | [dɨʀi] [dɨʀilə] [dɨʀu] [ʔəstɨri] | [zɨstan] [dɨstan] [cɨstan] | [pʒden] [pʃtend] [pʃtent] [pʃten] | [dɨmɨk] [dənuk] [dɨmduk] | [ħəlukə] [həruĉə] [həluĉkə] | [qəzwan] [qəskwan] [qəsɨpqwan] [qəzkwan] | [zuʃɨk] | [ʔəʃkəft] [ʔəʃkəwt] [ʃkəft] | بێتواتە | ڕانیە |
| [piʃəqan] [məšašə] | [dʒwizdan] | [dɨʀi] | [dɨstan] [cɨstan] | [pʒden] | [dɨmɨk] | [ħəlukə] | [qəzkwan] | [zuʒɨk] [zwiʒɨk] | [ʃkəft] [ʃkəwt] | خەلیفان | سۆران |

## 2.2. شیکردنەوەی دیاردەی دەنگی(یاسای فۆنۆلۆجی) بگۆڕە زمانییەکان:

- بگۆڕی ژمارە(1) [ʔəʃkəft]، لەم وشەیەدا:

1. لە پێنج شارەدێ کۆنسونانتی [f] گۆڕاوە بۆ [w].←[ʔəʃkəwt]
2. لە سێ شارەدێ کۆنسنانت و ڤاوڵی[ʔə]ی سەرەتای وشە لەناوچووە. ←[ʃkəft]
3. لە یەک شارەدێ لەناوچوونی کۆنسنانت و ڤاوڵی[ʔə]و گۆڕینەوەی کۆنسونانتی[f] بۆ[w] ڕوویداوە. ←[ʃkəwt]
4. لە یەک شارەدێ پەیدابوونی ڤاوڵی [ə] ڕوویداوە. ←[ʔəʃkəftə]
5. لە یەک شارەدێ لەناوچوونی کۆنسنانت و ڤاوڵی[ʔə]و پەیدابوونی ڤاوڵی [ə] ڕوویداوە. ← [ʃkəftə]
6. لە نۆ شارەدێش وەکو خۆی ماوەتەوە. ←[ʔəʃkəft]

- بگۆڕی ژمارە(2) [ʒuʃɨk]، لەم وشەیەدا:

1. لە هەشت شارەدێ کۆنسونانتی[ʒ] گۆڕاوە بۆ[z].←[zuʒɨk]
2. لە هەشت شارەدێ کۆنسونانتی[ʃ] گۆڕاوە بۆ ʒ].←[ʒuʒɨk]
3. لە دوو شارەدێ کۆنسونانتی[w] پەیدابووە.← [zwiʒɨk]
4. لە یەک شارەدێ گۆڕینەوەی ڤاوڵ ڕوویداوە، [u] بۆ[i]واتە هاتنەپێشەوەی ڤاوڵ ڕوویداوە. ←[ʒiʃɨk]
5. لە حەفت شارەدێش وەکو خۆی ماوەتەوە. ←[ʒuʃɨk]

- بگۆڕی ژمارە(3) [qəzwan]، لەم وشەیەدا:

1. لە یەک شارەدێ کۆنسونانتی[z] گۆڕاوە بۆ[s].←[qəswan]

2. له دوو شارەدێ پەیدابوونی کۆنسونانتی[k]ڕوویداوە.←[qəzkwan]
3. له دوو شارەدێ پەیدابوونی کۆنسونانتی[k] و گۆڕینەوەی کۆنسونانتی [z] بۆ[s]ڕوویداوە.←[qəskwan]
4. له دوو شارەدێ گۆڕینەوەی کۆنسونانتی [k] بۆ [q] ڕوویداوە. ←[qəzqwan]
5. له سێ شارەدێ گۆڕینەوەی کۆنسونانتی [k] بۆ [q]و [z]بۆ[s] ڕوویداوە. ←[qəsqwan]
6. له یەك شارەدێ پەیدابوونی ڤاوڵێك و دوو کۆنسونانتی[ɨpq]و گۆڕینەوەی کۆنسوناتی[z] بۆ[s]. ← [qəsɨpqwan]
7. له چوار شارەدێ گۆڕینەوەو پەیدابوونی کۆنسونانت ڕوویداوە. ←[qəsxwan]

أ_ پەیدابوونی کۆنسونانتی[x] ڕوویداوە.

ب_گۆڕینەوەی کۆنسونانتی[z]بە کۆنسونانتی[s]ڕوویداوە.

8. له دوو شارەدێ گۆڕینەوە و جێگۆڕکێ ی نیمچەکۆنسونانتی [w] بە ڤاوڵی [u]ڕوویداوە. ←[qəsukan]
9. له هەشت شارەدێش وەکو خۆی ماوەتەوە. ←[qəzwan]

- بگۆڕی ژمارە(4)[həruĉkə]، لەم وشەیەدا:

1. لەسێ شارەدێ کۆنسوناتی[r]بۆ[l].←[həluĉkə]
2. له دوو شارەدێ کۆنسونانتی[k] لەناوچووە. ← [həruĉə]
3. له دوو شارەدێ گۆڕانی لێکسیکی ڕوویداوە. ←[qazmanə]
4. له سێ شارەدێ گۆڕینەوە و لەناوچوونی کۆنسونانت و ڕوویداوە:

أ– له یەك شارەدێ گۆڕانی کۆنسونانتی [r]بۆ [l] و کۆنسونانتی [ĉ]بۆ [ʒ]، لەناوچوونی [k]ڕوویداوە.←[həluʒə]

ب_له یەك شارەدێ گۆڕانی کۆنسونانتی [r]بۆ[ɫ] و کۆنسونانتی [ĉ]بۆ [ʒ]، لەناوچوونی [k]ڕوویداوە.←[həɫuʒə]

ج_له یەك شارەدێ گۆڕانی کۆنسونانتی [r]بۆ [ɫ]، لەناوچوونی [k]ڕوویداوە.←[həɫuĉə]

5. له یەك شارەدێ گۆڕینەوە و لەناوچوونی کۆنسونانت و ڕوویداوە.← [ʕəlukə]

أ_ کۆنسونانتی [h]بۆ کۆنسونانتی [ʕ] گۆڕاوە.

ب_کۆنسونانتی [r]بۆ کۆنسونانتی [l] گۆڕاوە.

ج_ کۆنسونانتی [ĉ] لەناوچووە.

6. له سێ شارەدێ گۆڕینەوە و لەناوچوونی کۆنسونانت و ڕوویداوە.← [ħəlukə]

أ_ کۆنسونانتی [h]بۆ کۆنسونانتی [ħ] گۆڕاوە.

ب_کۆنسونانتی [r]بۆ کۆنسونانتی [l] گۆڕاوە.

ج_ کۆنسونانتی [ĉ] لەناوچووە.

7. له شەش شارەدێش وەکو خۆی ماوەتەوە. ←[həruĉkə]

- بگۆڕی ژمارە(5)[dɨmɨk]، لەم وشەیەدا:

1. له پێنج شارەدێ پەیدابوونی کۆنسونانت و گۆڕینەوەی ڤاوڵ وکۆنسونانت ڕوویداوە. ←[dɨnduk]

أ_ گۆڕانی کۆنسوناتی [m] بۆ کۆنسونانتی[n]. واتە بە لێوی بوون ڕوویداوە.

ب _پەیدابوونی کۆنسونانتی [d].

ت_ گۆڕینەوەی ڤاوڵی[ɨ] بۆ ڤاوڵی [u]. واتە چوونەپاشەوەی ڤاوڵ ڕوویداوە.

2. له چوار شارەدێ پەیدابوونی کۆنسونانت و گۆڕینەوی ڤاوڵ ڕوویداوە.←[dɨmduk]

أ_ گۆڕانی ڤاوڵی [ɨ] بۆ ڤاوڵی [u]. واتە چوونەپاشەوەی ڤاوڵ ڕوویداوە.

ب_ پەیدابوونی کۆنسونانتی [d] ڕوویداوە.

3. لەیەك شارەدێ گۆڕینەوەی کۆنسونانت و ڤاوڵ ڕوویداوە.← [dɨnuk]

أ_ گۆڕینەوەی کۆنسوناتی [m] بۆ کۆنسونانتی[n]. واتە بە لێوی بوون ڕوویداوە.

ب_ گۆڕینەوەی ڤاوڵی [ɨ] بۆ ڤاوڵی [u]. واتە چوونەپاشەوەی ڤاوڵ ڕوویداوە.

4. لەیەك شارەدێ، تەنیا گۆڕینەوەی ڤاوڵی [ɨ] بۆ ڤاوڵی [u]. واتە چوونەپاشەوەی ڤاوڵ ڕوویداوە. ← [dɨmuk]
5. له دوو شارەدێ گۆڕینەوەی کۆنسونانت و ڤاوڵ ڕوویداوە. ← [dənuk]

أ- گۆڕینەوەی کۆنسونانتی [m] بۆ کۆنسونانتی[n].

ب- گۆرینەوەی ڤاوڵی [ɨ] بۆ ڤاوڵی[ə]. واتە داکشانی ڤاوڵ ڕوویداوە.

ت- گۆرینەوەی ڤاوڵی [ɨ] بۆ ڤاوڵی [u]. واتە چوونەپاشەوەی ڤاوڵ ڕوویداوە.

6. له دوو شارەدێ گۆڕینەوەی کۆنسونانت و ڤاوڵ و پەیدابوونی کۆنسونانت ڕوویداوە. ← [dənduk]

أ_گۆڕینەوەی کۆنسونانتی [m] بۆ کۆنسونانتی[n].

ب_گۆرینەوەی ڤاوڵی [ɨ] بۆ ڤاوڵی [ə]. واتە داکشانی ڤاوڵ ڕوویداوە.

ج_گۆرینەوەی ڤاوڵی [ɨ] بۆ ڤاوڵی [u]. واتە چوونەپاشەوەی ڤاوڵ ڕوویداوە.

د_ پەیدابوونی کۆنسونانتی [d] ڕوویداوە.

7. له هەشت شارەدێش وەکو خۆی ماوەتەوە. ← [dɨmɨk]

- بگۆڕی ژمارە(6)[pʒbend]، لەم وشەیەدا:

1. لەیەک شارەدێ گۆڕینەوە و پەیدابوونی کۆنسونانت ڕوویداوە.←[pʃtbend]

أ_ کۆنسونانتی [ʒ]بۆ کۆنسونانتی [ʃ] گۆڕاوە.

ب_ کۆنسونانتی [t]پەیدابووە.

2. لە حەفت شارەدێ گۆڕینەوە و لەناوچوونی کۆنسونانت ڕوویداوە.←[pʒden]

أ_گۆڕینەوەی کۆنسسونانتی[b]بۆ کۆنسونانتی[d] ڕوویداوە.

ب_لەناوچوونی کۆنسونانتی [d]لە کۆتایی وشە ڕوویداوە.

3. لە سێ شارەدێ گۆڕینەوەی کۆنسونانتی [ʒb]بۆ [ʃt]ڕوویداوە. ←[pʃtend]

4. لە سێ شارەدێ گۆڕینەوەی کۆنسونانت ڕوویداوە. ←[pʃtent]

أ_ گۆڕینەوەی کۆنسونانتی [ʒb]بۆ [ʃt]ڕوویداوە.

ب_ گۆڕینەوەی کۆنسونانتی [d]بۆ [t]ڕوویداوە.

5. لەسێ شارەدێ گۆڕینەوە و لەناوچوونی کۆنسونانت ڕوویداوە.←[pʃten]

أ_گۆڕینەوەیکۆنسونانتی [ʒb]بۆ [ʃt]ڕوویداوە.

ب_ لەناوچوونی کۆنسونانتی [d] لە کۆتایی وشە ڕوویداوە.

6. لە یەک شارەدێ کۆنسونانتی[b] گۆڕاوە بۆ کۆنسونانتی[d]. [pʒdend]

7. لە چوار شارەدێ وەکو خۆی ماوەتەوە. ←[pʒbend]

- بگۆڕی ژمارە(7)[zɨstan]، لەم وشەیەدا:

1. لە نۆ شارەدێ کۆنسونانتی[z]گۆڕاوە بۆ کۆنسونانتی[c].←[cɨstan]

2. لە شەش شارەدێ کۆنسونانتی[z]گۆڕاوە بۆ کۆنسونانتی[d].←[dɨstan]

3. لەیەک شارەدێ گۆڕینەوەی کۆنسونانت و ڤاوڵ ڕوویداوە. ←[ʔəstan]

أ_گۆڕینەوەی کۆنسونانتی [z]بۆ کۆنسونانتی[ʔ]ڕوویداوە.

ب_ گۆڕینەوەی ڤاوڵی[ ɨ]بۆ ڤاوڵی[ə]ڕوویداوە. واتە داکشانی ڤاوڵ ڕوویداوە.

- لەحەفت شارەدێ وەکو خۆی ماوەتەوە. ←[zɨstan]

- بگۆڕی ژمارە(8)[dɨʀi]، لەم وشەیەدا:

1. لە یەک شارەدێ ڤاوڵی [i] گۆڕاوە بۆ ڤاوڵی[u]، واتە چوونەپاشەوەی ڤاوڵ ڕوویداوە.←[dɨʀu]

2. لە یەک شارەدێ پەیدابوونی کۆنسونانت و ڤاوڵی[lə] ڕوویداوە. ←[dɨʀilə]

3. لە یەک شارەدێ گۆڕینەوەی ڤاوڵ و پەیدابوونی کۆنسونانت و ڤاوڵ ڕوویداوە. ←[dɨʀulə]

أ_ گۆڕینەوەی ڤاوڵی[i] بۆ ڤاوڵی[u]، واتە چوونەپاشەوەی ڤاوڵ ڕوویداوە .

ب_ پەیدابوونی کۆنسونانت و ڤاوڵی[lə] ڕوویداوە.

4. لە یەک شارەدێ گۆڕینەوە و پەیدابوونی کۆنسونانت و ڤاوڵ ڕوویداوە. ← [dudɨʀɨk]

أ_گۆڕینەوەی ڤاوڵی[i] بۆ ڤاوڵی[ɨ]، واتە بە ناوەندبوون و چوونەپاشەوەی ڤاوڵ ڕوویداوە .

ب_پەیدابوونی کۆنسونانتی [du] لەسەرەتای وشە ڕوویداوە.

ج_پەیدابوونی کۆنسونانتی[k]لە کۆتایی وشە ڕوویداوە.

5. لە پێنج شارەدێ گۆڕینەوە و پەیدابوونی کۆنسونانت و ڤاوڵ ڕوویداوە. ←[tutɨʀɨk]

أ_گۆڕینەوەی ڤاوڵی[i] بۆ ڤاوڵی [ɨ]، واتە بە ناوەندبوون و چوونەپاشەوەی ڤاوڵ ڕوویداوە .

ب_پەیدابوونی کۆنسونانت و ڤاوڵی [tu] لە سەرەتای وشە ڕوویداوە.

ج_پەیدابوونی کۆنسونانتی[k]لە کۆتایی وشە ڕوویداوە.

6. لە یەک شارەدێ گۆڕینەوە و پەیدابوونی کۆنسونانت و ڤاوڵ ڕوویداوە. ←[tutɨrɨk]

أ_گۆڕینەوەی ڤاوڵی[i] بۆ ڤاوڵی [ɨ]، واتە چوونەپاشەوەی ڤاوڵ ڕوویداوە .

ب_پەیدابوونی کۆنسونانتی [tu] لەسەرەتای وشە ڕوویداوە.

ج_پەیدابوونی کۆنسونانتی[k]لە کۆتایی وشە ڕوویداوە.

د_گۆڕینەوەی کۆنسونانتی[ʀ]بۆ کۆنسونانتی[r]ڕوویداوە.

7. لە یەک شارەدێ گۆڕینەوە و پەیدابوونی کۆنسونانت و ڤاوڵ ڕوویداوە. ←[tudɨrɨk]

أ_گۆڕینەوەی ڤاوڵی[i] بۆ ڤاوڵی [ɨ]، واتە چوونەپاشەوەی ڤاوڵ ڕوویداوە .

ب_پەیدابوونی کۆنسونانتی [tu] لەسەرەتای وشە ڕوویداوە.

ج_پەیدابوونی کۆنسونانتی[k]لە کۆتایی وشە ڕوویداوە.

د_گۆڕینەوەی کۆنسونانتی[ʀ]بۆ کۆنسونانتی[r]ڕوویداوە.

8. لە دوو شارەدێ گۆڕینەوەی کۆنسونانت و پەیدابوونی کۆنسونانت و ڤاوڵ ڕوویداوە. ←[ʔəstɨri]

أ_پەیدابوونی برگەی (دوو کۆنسونانت و ڤاوڵ)[ʔəs] لە سەرەتای وشە ڕوویداوە.

ب_گۆڕینەوەی کۆنسونانتی[d]بۆ کۆنسونانتی[t]ڕوویداوە.

ج_گۆڕینەوەی کۆنسونانتی[ʀ]بۆ کۆنسونانتی[r] ڕوویداوە.

9. لە نۆ شارەدێش وەکو خۆی ماوەتەوە. ←[dɨʀi]

- بگۆڕی ژمارە(9)[cɨzdan]، لەم وشەیەدا:

1. لە یەک شارەدێ کۆنسونانتی[c] گۆڕاوە بۆ کۆنسونانتی[d]. ←[dɨzdan]

2. لە هەشت شارەدێ ڤاوڵی[ɨ] گۆڕاوە بۆ ڤاوڵی[u]، واتە چوونەپاشەوەی ڤاوڵ ڕوویداوە. ←[cuzdan]
3. لە چوار شارەدێ پەیدابوونی نیمچە کۆنسوناتی[w]و گۆڕینەوەی ڤاوڵی[ɨ]بۆ[i]، واتە هاتنەپێشەوەی ڤاوڵ ڕوویداوە ←[cwizdan]
4. لە یەک شارەدێ گۆڕینەوەی کۆنسونانتی [c]بۆ[d]و ڤاوڵی[ɨ]بۆ[u]، واتە چوونەپاشەوەی ڤاوڵ ڕوویداوە. ←[duzdan]
5. لە چوار شارەدێ گۆڕینەوەی کۆنسونانت و ڤاوڵ و پەیدابوونی نیمچە کۆنسونات ڕوویداوە. ←[dʒwizdan]

أ_ گۆڕینەوەی کۆنسونانتی[c]بۆ[dʒ].

ب_ پەیدابوونی نیمچە کۆنسوناتی[w]و گۆڕینەوەی ڤاوڵی[ɨ]بۆ[i]، واتە هاتنەپێشەوەی ڤاوڵ ڕوویداوە.

6. لە یەک شارەدێ گۆڕینەوەی کۆنسونانتی[c]بۆ[dʒ] و ڤاوڵی[ɨ]بۆ[i] واتە هاتنەپێشەوەی ڤاوڵ ڕوویداوە. ← [dʒizdan]
7. لە حەفت شارەدێش وەکو خۆی ماوەتەوە. ←[cɨzdan]

- بگۆڕی ژمارە(10)[piʃəqan]، لەم وشەیەدا:

1. لە شەش شارەدێ کۆنسونانتی[p]گۆڕاوە بۆ [f].← [fiʃəqan]
2. لەیەک شارەدێ پەیدابوونی کۆنسونانت و گۆڕینەوەی کۆنسونانت و ڤاوڵ رویداوە. ← [piʃkasɨn]

أ_پەیدابوونی کۆنسونانتی [k]ڕوویداوە.

ب_گۆڕینەوەی کۆنسونانتی[q]بۆ[s]و ڤاوڵی[ə]بۆ[a]، واتە چوونەپاشەوەی ڤاوڵ، [a]بۆ[ɨ]، واتە بەناوەندبوون و هاتنەپێشەوەی ڤاوڵ ڕوویداوە.

3. لە سێ شارەدێ لەناوچوون و گۆڕینەوەی کۆنسونانت و ڤاوڵ ڕوویداوە. ←[piʃɨk]

أ_ لەناوچوونی کۆنسونانت و ڤاوڵی[an]ڕوویداوە.

ب_گۆڕینەوەی ڤاوڵی [ə]بۆ[ɨ]، واتە هەڵکشانی ڤاوڵ، کۆنسونانتی [q]بۆ[k]ڕوویداوە.

4. لە سێ شارەدێ گۆڕانی لێکسیکی ڕوویداوە. ←[məšašə]
5. لە یەک شارەدێ لەناوچوون و گۆڕینەوەی کۆنسونانت و ڤاوڵ ڕوویداوە. ← [fiʃɨk]

أ_ لەناوچوونی ڤاوڵ و کۆنسونانتی[an].

ب_ گۆڕینەوەی کۆنسوناتی[p]بۆ[f]و [q] بۆ[k]و ڤاوڵی[ə]بۆ[ɨ]، واتە هەڵکشانی ڤاوڵ ڕوویداوە.

6. لە یەک شارەدێ لەناوچوونی برگەی[qan] لە کۆتایی وشە ڕوویداوە.←[piʃə]
7. لە یەک شارەدێ گۆڕینەوەی کۆنسونانتی [p]بۆ[f] و لەناوچوونی ڤاوڵی[ə]ڕوویداوە. ←[fiʃqan]
8. لە یەک شارەدێ گۆڕینەوەی ڤاوڵ و کۆنسونانت و پەیدابوون و لەناوچوونی ڤاوڵ ڕوویداوە. ←[pɨʃkonə]

أ–گۆڕینەوەی کۆنسونانتی[q] بۆ[k]ڕوویداوە.

ب_گۆڕینەوەی ڤاوڵی[i] بۆ[ɨ]،واتە بەناوەند بوون و چوونەپاشەوەی ڤاوڵ ڕوویداوە.

ج_ گۆڕینەوەی ڤاوڵی[a] بۆ[o]، واتە هەڵکشانی ڤاوڵ ڕوویداوە.

د_لەناوچوون و پەیدابوونی ڤاوڵی[ə] ڕوویداوە.

9. لە هەشت شارەدێش وەکو خۆی ماوەتەوە. ← [piʃəqan]

### 3.2. دابەشبوونی بگۆڕە زمانییەکان لەسەر ئەتڵەسی شێوەزاری:


نەخشەی ئەتڵەسی شێوەزاری خۆشناوەتی
بگۆڕی ژمارە (١)
[ʔəʃkəft]
ʔəʃkəft
ʔəʃkəwt
ʃkəft
ʃkəwt
ʃkəftə
ʔəʃkəftə
Khalifan
Basrma
Balisan
Salahadin
Shaqlawa center
Betwata
Hiran
Sktan
Shorish
Koia center
Kili Naxsha
Snuri Xoshnawati
Santari qaza
Santari Nahia
0 4.75 9.5 19 28.5 38
Km


نەخشەی ئەتڵەسی شێوەزاری خۆشناوەتی
بگۆڕی ژمارە (٢)
[ʒuʃik]
ʒuʃik
ʒuʒik
zuʒik
zuʃik
ʒiʃik
zwiʒik
Khalifan
Basrma
Balisan
Salahadin
Shaqlawa center
Betwata
Hiran
Sktan
Shorish
Koia center
Kili Naxsha
Snuri Xoshnawati
Santari qaza
Santari Nahia
0 4.75 9.5 19 28.5 38
Km


نەخشەی ئەتڵەسی شێوەزاری خۆشناوەتی
بگۆڕی ژمارە (٣)
[qəzwan]
qəzwan
qəskwan
qəsipqwan
qəsukan
qəswan
qəsxwan
qəsqwan
qəzkwan
Khalifan
Basrma
Balisan
Salahadin
Shaqlawa center
Betwata
Hiran
Sktan
Shorish
Koia center
Kili Naxsha
Snuri Xoshnawati
Santari qaza
Santari Nahia
0 4.75 9.5 19 28.5 38 Km
43°45'0"E
44°0'0"E
44°15'0"E
44°30'0"E
44°45'0"E
45°0'0"E


نەخشەی ئەتڵەسی شێوەزاری خۆشناوەتی
بگۆڕی ژمارە (٤)
[həručkə]
həručkə
həručə
həłučə
həłučkə
həłuʒə
ʕəłučkə
həłuʒə
ʕəłukə
həłukə
qazmanə
Khalifan
Basrma
Balisan
Salahadin
Shaqlawa center
Betwata
Hiran
Sktan
Shorish
Koia center
Kili Naxsha
Snuri Xoshnawati
Santari qaza
Santari Nahia
0 4.75 9.5 19 28.5 38 Km
43°45'0"E
44°0'0"E
44°15'0"E
44°30'0"E
44°45'0"E
45°0'0"E


نەخشــــەی ئەتڵســــی شــــێوەزاری خۆشــــناوەتی
بگۆڕی ژمارە (٥)
[dımik]
dimik
dɔnuk
dɔnduk
dinduk
dimduk
dinuk
dimuk
Khalifan
Basrma
Balisan
Salahadin
Shaqlawa center
Betwata
Hiran
Sktan
Shorsh
Koia center
Kili Naxsha
Snuri Xoshnawati
Santari qaza
Santari Nahia
0 4.75 9.5 19 28.5 38 Km


نەخشــــەی ئەتڵســــی شــــێوەزاری خۆشــــناوەتی
بگۆڕی ژمارە (٦)
[pʒbend]
pʃten
pʃtent
pʃtend
pʃtbend
pʃbent
pʒden
pʒdend
pʒbend
Khalifan
Basrma
Balisan
Salahadin
Shaqlawa center
Betwata
Hiran
Sktan
Shorsh
Koia center
Kili Naxsha
Snuri Xoshnawati
Santari qaza
Santari Nahia
0 4.75 9.5 19 28.5 38 Km


بگۆری ژمارە (٧)
[zistan]
zistan
distan
cistan
?əstan
Khalifan
Basrma
Balisan
Salahadin
Shaqlawa center
Betwata
Hiran
Sktan
Shorsh
Koia center
Santari qaza
Santari Nahia
0 4.75 9.5 19 28.5 38 Km
43°45'0"E
44°0'0"E
44°15'0"E
44°30'0"E
44°45'0"E
45°0'0"E
36°45'0"N
36°30'0"N
36°15'0"N
36°0'0"N


نەخشەی نەتڵسی شێوەزاری خۆشناوەتی
بگۆڕی ژمارە (٨)
[diʀi]
diʀi
diʀu
diʀilə
diʀulə
tutirik
tutiʀik
tudirik
dudiʀik
ʔəstiri
Khalifan
Basrma
Balisan
Salahadin
Shaqlawa center
Hiran
Betwata
Sktan
Shorsh
Koia center
Kili Naxsha
Snuri Xoshnawati
Santari qaza
Santari Nahia
0 4.75 9.5 19 28.5 38 Km


نەخشەی نەتڵسی شێوەزاری خۆشناوەتی
بگۆڕی ژمارە (٩)
[cizdan]
cizdan
cuzdan
cwizdan
dʒizdan
dʒwizdan
dizdan
duzdan
Khalifan
Basrma
Balisan
Salahadin
Shaqlawa center
Hiran
Betwata
Sktan
Shorsh
Koia center
Kili Naxsha
Snuri Xoshnawati
Santari qaza
Santari Nahia
0 4.75 9.5 19 28.5 38 Km




## 3. ئەنجام

لەئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە گەیشتین بەوەی، کەوا دووری و سەختی شوێنی جوگرافی و لەیەك نزیکی سنووری نێوان شێوەزارەکان، هۆکاری سەرەکی بوونی جیاوازی زمانی و سەرهەڵدانی بگۆڕەزمانییەکانە. جیاوازییەکانیش لە هەموو شارەدێیەکان وەکویەك نین، لە هەندێکیان زۆر کەمە و لە هەندێکیشیان ژمارەیان زۆرە، تەنانەت گەیشتۆتە ڕادەی ئەوەی کە لە چەند شارەدێیەك گۆڕانی لێکسیکی ڕوویداوە. هەندێ لە سیمای ئەو بگۆڕانە بریتین لە:

1_ دەنگە کۆنسونانت و ڤاوڵەکان هەردووکیان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، بەڵام ڕێژەی گۆڕانی کۆنسونانتەکان زیاترن وەك لە گۆڕانی ڤاوڵەکان. بە زۆریش گۆڕانی کۆنسونانتەکان پێکدێن لە: گۆڕینەوەی کۆنسونانت، پەیدابوونی کۆنسونانت و لەناوچوونی کۆنسونانت.

2_ گۆڕانی ڤاوڵەکان بە زۆری بە شێوەی (ناوەڕاست بوونی ڤاوڵ، داکشانی ڤاوڵ و هەڵکشانی ڤاوڵ) ڕوویانداوە.

3_ هەندێ جاریش پەیدابوون و لەناوچوونی برگە ڕوویداوە.

## 4. سەرچاوەکان

### 1.1. سەرچاوە کوردییەکان:


ئەمین، بەختیار محەمەد.(2017). خۆشناوەتی لە سەدەی بیستەم. بەرگی یەکەم. چاپی یەکەم. ناوەندی ئاوێر. هەولێر.

ئەحمەد، عەبدولمەناف ڕەمەزان.(2009). ئەتڵەسی زمانی. نامەی ماستەر. بەشی زمانی کوردی. کۆلێژی زمان. زانکۆی سەلاحەددین.

سالح، سەلوا فەریق.(2016). ئەتلەسا فۆنۆلۆجیا زمانێ کوردی_پارێزگەها دهوکێ. ناما دکتۆرایێ. پشکا زمانێ کوردی. فاکۆلتیا زانستێن مرۆڤایەتی. زانکۆیا زاخۆ.


### 2.1. سەرچاوە عەرەبییەکان:


دی سوسور، فردیناند.(1985). علم اللغه العام. ترجمه د.یوئیل یوسف عزیز. دار افاق العربیه للصحافه والنشر. بغداد.


### 3.1. سەرچاوە فارسییەکان:


شیری، علی اکبر.(1386). در آمدی بر گویش شناسی. چاپ اول. انتشارات مازیار. تهران.

عبدالکریمی، سپیده.(1392). فرهنگ توصیفی زبان شناسی اجتماعی. چاپ اول. انتشارات علمی. تهران.

مدرسی، یحیی.(1393). در آمدی بر جامعه شناسی زبان. موسسه مگالعات و تحقیق های فرهنگی وابسته به وزارت فرهنگ و اموزش عالی. تهران.


### 4.1. سەرچاوە ئینگلیزییەکان:


Chambers,J.K.(1980). Dialectology.second edition. Cambridge University press. London.

Crystal,David.(2008).A Dictionary of Linguistics and Phonetics.six edition. Blackwell publishing.


### 5.1. سەرچاوەی ئەلیکترۆنی:


Preston, Dennis R.(1984).Handbook of Perceptual Dialectology.volume1.John Binjamins publishing company. Amsterdam. Philadelphia. https://www.benjamins.com.

جهانگیری، نادر.(1373). نگاهی تازه به گویش شناسی. مجموعه مقالات دانشگاه علامه گباگبایی. شماره(80) از 83-100.

ادرس پایت:
https://www.noormags.ir/view/fa/articlepage/1079646
تاریخ دانلود:01/07/1398

<u>پاشکۆ</u>

| | | |
|---|---|---|
| <br>ئەشكەفت | <br>ژوشك | <br>قەزوان |
| <br>هەروچكە | <br>دماك(هێلووكێ مریشك) | <br>پڕێبێند |
| <br>زستان | <br>لڕی | <br>جزدان |
| <br>پیشەڤان | | |

## أطلس المتغيرات اللغوية للهجة خوشناوتى

**الملخص:**

اطلس اللهجات مجموعة خرائط ترصد انتشار الظواهر لغوية في بقعة جغرافية لمنطقة ما، اعتمادا على رموز معينة مبينا الخصائص التركيبية والدلالية للسكان الاصليين عند عملية التخاطب، ففى علم اللغة الجغرافى المنطقة الجغرافية والمحيط بها لها أهميتها، لأن الباحث يختار عينات من الاختلافات اللهجية بحسب الهدف المرجو والموصل اليه سواء اكان الاختلافات الصوتية أم تركيبية، فهذه الاختلافات تؤطر حسب البقعة الجغرافية المختارة وتوضح على الخريطة مستعينا بالرموز المتنوعة. وقد اختار الباحث (10) عشرة عينة لرصد ظواهر الصوتية وتحليلها ودراستها دراسة وصفية ميدانية مستندا على الالفبائية الصوتية الدولى (IPA)مظهرا الاختلافات والاتفاقات للعينات المختارة ومشيرا لها بالرموز المتنوعة. وقد عنون البحث ب(أطلس المتغيرات اللغوية للهجة خوشناوتى) وقد تكون البحث من مبحثين، تطرق المبحث الاول الى المحور النظرى بدءا بالانواع علم اللهجة...، والمبحث الثاني تناول الجانب التطبيقي للمتغيرات اللغوية حيث كشف عن(10) عشرة وحدة صوتية وقد مهد للمبحثين بمقدمة وختم مقفوا بأهم النتائج التى توصل الية البحث وخلاصة باللغة الانكليزية والعربية وأهم المصادر.

**الكلمات الدالة:** المغير اللغوى، أيسوجلوس(isogloss)، التنوعات اللغوية، علم الاحصاءات اللهجية، الصوامت.

## Language variables atlas of Khoshnawaty accent

**Abstract:**

Dialect Atlas includes a group of language maps that contain the spread of a linguistic phenomenon in a certain area. In such atlases, phonetic, linguistics, and moral characteristics of language users of the original region inhabitants are specified. In geographical dialectology, areas and linguistic contexts are very important to the study. The researcher in the presented study tries to investigate and analyze the linguistic, phonological, and vocabulary differences in the chosen areas to map them in a linguistic atlas. The investigation involves 10 phonological variables in descriptive field research. The variables are written in IPA. The variables are added to the atlases in different symbols. The study is of two parts. The first part is the theoretical background that includes definitions of types of dialectology. The second part is the field research that includes the analysis and application of the study to 10 linguistics samples in the shape of words and symbols to be added to the specific maps that are prepared for this study. An Introduction chapter comes at the beginning of the study and a conclusion chapter comes at the end of the study followed by the abstract in both English and Arabic.

**Keywords:** language variable, isogloss, language variation, dialectometry, consunant.